# ڕێپێوانی یازدەهەزار نەفەری لە پێتەختی سویس، بیڕن

ڕۆژی سێ شەممە حەڤدەی مانگی ژوئیە بە بۆنەی دەست پێکردنی حەفتەی پەنابران و ئیعتیراز بە دەوڵەتی سویس کە لەفکری ئەوەدایە قانونیەک لە پارلمان تەسویب بکا کە لەوقانونەدا مافی پەنابەری ومافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکریە ، هەروک دە زانن لە ولاتی سویس بۆ تەسویبی قانونی تازە ڕاستەوخۆ پرس بە خەڵک دەکەن لەوڕێپێوانە دا کە هەموو ڕێکخراوە چەپ و لایەنگرانی پەنابەران و سەندیکای گەورەی سویس یونیا و دەیان ڕێکخراوی دیکەی سویسی وخاریجیش تێیدابەشداربوون لە شعارەکانیان دا داوایان لە خەڵکی سویس دەکرد کە بۆئەوەی ئەو قانونە تەسویب نەبی بە ڕەئی مەنفی خۆتان پێشی پێ بگرن و مەهێڵن کە مافەکانی پەنابەران و ماقی مرۆڤ پێشێل بکریە،لە وڕێپێوانە دا ڕادەیەکی زۆر پەنابەری ئێرانیش بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان و بەدانی شعاری وەک ،ئێران وڵاتیەکی ئەمن نیە ، کۆماری ئیسلامی ئێران تڕۆڕیستە وئازادی بۆ هەموو دیلە سیاسیەکان لە ئێران و ئەخمەدی نیژاد تڕۆڕیستە لە ڕێپێوانەدا بەشدار بوون هە ر وە ها لە وڕێپێوانە دا کۆمەڵەی شۆڕسگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و یەکیەتی فیدائیان خەڵکی ئێران بە بڵاوکردنەوەی ئیعلامیەی هاوبەش بە زمانی ئاڵمانی لە بەینی بەشداربووان لەو ڕێپێوانەدا بەشدار بوون. لەو بڵاۆکە هاوبەشە دا ئیشارە بە وە کرابو کە لەئێران ماڤەکانی مرۆڤ سیستیماتیک پێشێل دە کرێن وبە دەیان وسەدان کەس لە زینداندان وئەشکەنجە دەکرێن وە هەر بەوبۆنەوە دەبێ دەوڵەتی سویس هەموو ئەوپەنابەرانەکە لە دەستی ئەو ڕیژیمە توانیویانە خویان نەجات دەن وبگەنە ئێرە وەک پەنابەر بە ڕەسمی وەر گیریەن و بە هیچ شێوەیەک نابێ دیپۆرت کریەنەوەبۆ ئێران یاکو لە سویس دەربکریەن.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران – سویس
17.6.2006

چەند وێنەیەک لەو خۆپیشاندانە کە بۆ پشتیوانی لە پەنابەران ودژی تەسویبی قانونی تازەی پەنابەری لە سویس بەڕێوە چوو.








kein
mensch
ist
illegal
Solidarité
et respect des
droits
de l'Homme
Asylsuchende
sind Menschen,
Menschen
haben Rechte!
Asylsuchende
sind Menschen,
Menschen
haben Rechte!
SCHMIEDSTUBE
DE L'HOMME